## پێشەکی نوسەر

خوێنەری هێژا کە پێموانییە بتناسم، ئەم کتێبەی لەبەر دەستتە یەکەم بەرهەمی چاپ کراوی لانیکەم ٣٠٠٠ ساڵ ژیانی منە. بۆچی ٣٠٠٠؟ تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئێستا هەر ئەوەندەیم لەبیرە. خۆمێک لە خۆمە ون بووەکان گێڕانەوەیەکی یەکێک لە خۆمەکانمە کە دەرفەتی ئەوەی پێدراوە بە جیا و بە بێ ئەوەی لە ژێر سێبەری خۆمەکانیتردا بێت (بەتایبەتی ئەو خۆمە شەڕانی و مل ئەستوورە) خۆی و داڵغە و بیرەوەری و بیر کردنەوەکانی لە چوارچێوەی کتێبێکدا دەربڕێ. دیارە ئەگەر ژیان دەرفەتی پێداین خۆمەکانیتریش ئیزنی خۆ دەربڕینییان پێدەدرێ. لەم کتێبەدا تەنیا لەبەر ئەوەی کە یەکەم کتێبمە و زۆرم پێخۆش بوو کە یەکەم کتێبم زۆر سادە و ساکار و بێ غەلوغەش و فرت و فێڵ و سوراوسپیاوی ئەدەبی بێت و جگە لەوەش

کۆمەڵێک بیرەوەری لەگەڵە کە دەبوو حەتمەن بهاتبایەنە نێو ئەم ژیانە نوێیەوە، بۆیە بە نیسبەت هێز و لاوازی تکنیکی و هەڵبژاردن لەسەر ئەو بنەمایە زۆر هەستیاریم پیشان نەدا و تەنانەت یەک دوو شێعری تێدایە کە هی زۆر کۆنن و ... بەلام دەتوانم دڵنیاتان کەمەوە کە دانە بە دانەیان لە قولایی ناخەوە نوسراون و کاتێک کە دەمنوسین ئاگام لە دنیا نەبووە و کە تەواو بوون، ئەمجار تێری تماشایان نەدەبووم...

داوای لێبوردن لە هەر شاعیرێکش دەکەم، لە کۆنەوە هەتا ئێستا، لە مردووەوە هەتا زیندوو ئەگەر نەخوازراو کەڵکم لە شتێکی تایبەت بەوان وەرگرتبێ و ناوم نەهێنابێتن. سپاسی هەموو ئەوانەش دەکەم کە بە بێ ئیزن وەرگرتن کردیانم بە هەوێنی شێعرم و هەردەم یادیان دەکەم...
ئیتر بە شێعرتان ئەسپێرم...

**دەقی والاتر** و چەن پەراوێزێک

.

.

دوایساڵەها بەو ئاکامە گەشتووم کە لە قولایی کاتی خولقانی کارەساتدا، یان کاتی هەستپێکردن و پێزانینی و هاوکات لەگەڵ کارەسات (کارەسات کاتێک ئەبێ بە کارەســـات کە پی بزانی دەنا ئەو شتەی لە مێشکا وێنا نەکرێت وەک ئەوەیە رووی نەدابێت، لێم تێدەگەن؟؟) قەت ناتوانی گۆشەیەکی بچوکیش لە کارەساتەکە بهۆنیەوە... بۆیە ئەو شێعرەی ئێستا وەسف دەکات بەیانی ئەینوسم .
لە باری کارەسات کەم ئەکاتەوە و رەهەندەکەی ئەگۆڕێ و... ئەزانم وەک چۆن... .

سەرەتا:

قوربانی

دامەچڵەکە

هەرکەس پێی وایە بەڕەزا

پێوەندییەکی لەگەڵ باویلکە هەیە

وەک "بورهانی شەڕ" سەرخۆشم ئەکا و

پاشان

خوام نامێنێ

نا...

بەڵام بۆ دوایین شێعر

دەبێ سەرجەم مناڵەکانم

مناڵە سەربزێوەکانم

بەرمە مەسلەخ

ئینجا خەو...

-جاری وایە نەخەوتن لەبەرژەوەندی مرۆڤە. هێندەک خەون خەوشی وا دەخەنە  هەناوەوە پەپولە پاییزە دەبێتە جاسوس و بەڕەزا جەلاد. هێندەک خەونیش ئەتکا بە پێغەمبەرێکی مەزن کە سەرۆکە و سەرۆکایەتی ناکا. بەڵام من حەزم لە مرۆڤی والا و والاترە... بالا و بالاترە، ئەوەی سەرۆک نیە و سەرۆکایەتی ئەکا ... وەک هیچ کەسێک. راستی رۆح...-

ئەگەر

هێندە ئیمانت قایمە

بە حەقیقەتی گوڵە مێلاقە و

ریساڵەتی گەزیزە

بۆ هێندە سەبر ئەکەی تا سێو پێبگات

ئەمەش بورهانێکی دی

سەیر کەن

پیاوترینی پیاوەکان و

خۆشەویستترینی خۆشەویستەکان

و

هێندەک شتی دیکەش

چەندە بێتاقەتە

...

ژنێک ژان دەیگرێ

خەیاڵی کەسێک ئاوسە و

بەڕەزا کە تەنیا بە ڕەزایە!

بەڕەزا

بڕبڕە پشتی ئاسکەکانە

نە زیاتر

ئەم شێعرەش بن ئامۆزای چیرۆکێکە

لە جەستەی هیوا...

–تێکەڵاویی گەزیزە و رۆژ، رۆژ و رنوو و رنوو و بەرد، بۆ خولقانی کەسایەتیی کەس لە کەسی زەوی بەسە، لەوە زیاتر گەڕانەوە تاوانی سەردەمە. –

رەدووکەوتنی کانی و زەمان و

قەرەچەناخی با

سێکوچکەی خەرەفانی ئەندێشەن

بەڵام هیوا

لە دایک بوو...

پاشان:

-بە ئەستەم لە دایک بوون پیشەی گەورە پیاوانی "چاخی کاوە"یە، ئەستەم زینوومان پیشەی گەورە پیاوانی سەردەمی پێش "مونالیزا" بوو، ئەستەم گەورە بوون بەڵام بەردێکی کرد بە پیاو لە پاش "ئێستا مرۆڤ" و پێش ئاوابوون.-

رامێنە!

بەڕەزا چۆن بیر دەکاتەوە؟

بەردێک هەیە

بە نازێک

دەشلەژێ

گاشەبەردێک قەڵەش ئەبات و

ژیان بەردەوامە

ئەمەم لە کەس نەبیستووە

تۆ لە منی ببیسە

بەڕەزا قەت بیر ناکاتەوە

وەک چۆن

دڵ

-له نوسینی ئەو چەن رەستەیە پەشیمانم،
نەدەبوا کاتێ دیسانەوە تێکەڵی کارەسات بووم
دەستم بۆ نوسین ببردایەت بەڵام بە لای باوکەوە
منداڵی ناساخ خۆشەویستترە ئەگەرچی
ئەفسوسێکی هەمیشەییش له دڵیدا گینگڵ بدات
بەڵام هەر لەگەڵ خۆی ئەیژیێنێت. ئەبێ مقەستێک
بێنم بە پێناسەکانمدا… ناکۆکییەکانیشم جێئەهێڵم
بۆ رێبوار-

دەنگێک بەردەوام لە دەنگا

ناساز

نیگایەک لە نیگادا و

خەیاڵێک لە خەیاڵا

گاشەبەرد هێندە نەرم دەبێتەوە

بەڕەزا تێیدا ریشە داکوتێ

گاشە بەردیش بیر ناکاتەوە؟؟

-هیوا لە گاشەبەردی پرسی بۆ؟ ئەفسونی بزەیەک چیای تەنی و گەیشتە دەشت. دەنکە زیخێکی بن رووبار زریکاندی: ئاخ لە هەوای لووتکەکان. هیوا لە بەڕەزای پرسی : بۆ؟ شیوەنێک نۆ مانگی تەنی و لەو پەڕی دەریاکانەوە لە دورگەیەکی پیر خەونێکی کۆن ژیایەوە...-

هەڵامەتی بیرەوەری و

هەڵوەدای خەو…

"هەرا" مەکە

بەرەزا ئەیهەوێ بنوێ

هەڵهاتنی رۆژ

لە ئێشی بیرەوەریە خواکان

کەم ئەکاتەوە

بە مەرجێک!

یەکەم تیریژ

خەوخۆشت پێ بڵێت

نەک رۆژ باش

ئەمەش دوایین دڵخۆشیساڵی نەهات

خەونە خۆشەکان بەڵام

بە پێوە

لە دایک ئەبن...

کە

" ئەوین

وەک هەناسە کێشان

پێویستی بە مژار و

بەردەنگ نییە..."

سێهەم:

هەڵمەچۆ...

"سیزیەف"ی تاراوگە

تەنیا کاری خۆی ئەکا

سەردەرکردن لە سیخەی وشکی سی

بۆ "ئێمە"ی پێشتر و

"من"ی ئێستا

دوپاتەی سەفا و مەروە نیە

بە وەهمێکی پیرۆزەوە

ئێستا دڵنیام

ئەو دەنکە زیخەی بن رووبار

لە "سمائیل" تێگەیشتووە

–هیوا ئەوەندە دەنگی دەفی لا خۆش بوو کە
بیبینێ ئەوەی کە نەدەبینرا. جارێکیان دەفژەنێکی
کۆتر باز، کۆڕی زیکریشی لە پێش چاو خست –

–

– پێوەندی نێوان گیان و جەستە چۆنە؟
–ئەوان لە یەک دوورن...بەڵام سەیری قامکەکانم
کە و بیر لە زایەڵەی ئەم دەنگی دەفەش کەوە...
پاشان بڵێ هو.
هیوا لە مێژ بوو لە کۆڵ هوو ببەوەوە –

کە چیا

برینێک ئەداتە دەست فەرامۆشیی روبار

پاش لە بیرچوونی کارەسات

سەرەی وشە والآکان

تێکئەچێ

ئینجا

لە لوتکەوە بروسکە ناردن

توشی گومانێکی ئەفسوناوی ئەبێت

لە چەشنی

ئەوین

لە تیرەی هیچەکان

هیچە گەورەکان

هیچە هەرە گەورەکان

## هیچە هەرە گەورە سەرەونخونەکان

-هیوا هیچی لە "هیچ" هەڵنەکراندبوو، بە ژیانی وشەیەک دا چووەوە، "بوون".
لاپەڕەیەکی رزاو کە بە دەق کراوی خرابووە درزی نێوان دوو ئاجوری دیوارێک جارێکیان بە گوێیدا چرپاندبووی: هەرشتێک کە رەنگە هەبێ، رەنگە نەبێ. هیوا "بوون"ی نایە گیرفانی و خەوت. ئێستا "هیچ" خەریک بوو جێگای بە "هوو" تەنگ دەکرد. "هیچ" ئەگەر نابینرێ بەڵام بە گۆشت و پێست و ئێسک هەستی پێئەکەی، کاتێک کە "هیچ" نیە بۆ خواردن، هیچ نیە بۆ پۆشین، هیچ نیە بۆ ... لەگەڵ ئەوەشدا "هیچ" لە "بوون"دا هەمدیسان هەر هیچە بۆ کاتی نەبوونی "بوون"، بەڵام "هیچ" لە خۆیدا گەورەترین

"بوون"ە، هەرە گەورە ، هەرە گەورە و سەرەونخوون. "هیچ " دەسپێکە و کۆتاییشە. لە هیچەوە بۆ هیچ. لە هیچەوە ... دەفڕەنەکە هەر ئەیکوتاااا... –

چاو لە گەڕانەوەی بەڕەزا کەن

بە رەگی بەردا

چۆن هەر هیچ نەبێ ژیان بەردەوامە!

چۆن هیچ ناگاتە دوا هیچاندن...

چەن هیچێکی خۆشە

گەیشتن

چەن هیچێکی مەزنە

سەفەر

چەن هیچێکی سەرەونخونە

ژیان

...

چوارەم:

-ئەوانەی ئەیانهەوێ بەرِەزا لەبەرد جیا بکەنەوە سێ جۆرن: یەکەم ئەوانەی کە بە خواردنی بەرِەزاکان ئەژین(ئەمانە یان تلور دەبنەوە یان سەردەکەون)، دووهم ئەوانەی کە بەردەکان دەتاشن(ئەمانە ئامرازیان پێیە و بە توانان بەڵام بەردە راستەقینەکان کە لە ئاستەنگترین شوێنی چیاکان جێگیرن ، پێش ئەوەی بیر لە خۆیان بکەنەوە لە بیری مانەوەی بەرِەزادان بۆیە بە

سانایی نە دەشکێن ونە هەڵدەکەنرێن) سێهەم ئەوانەن کە بەخیلیدەبەن بە خەڵوەتی بەڕەزا و بەرد (بۆیە هەرکامەیان لاوازتر ببینن سەر دەکەنە جەرگی ، هەر بۆ گاڵتە) ئەمانە مەترسیدارترینەکانن بەڵام... –

هیوا ئەزانێ

کە "با" کز بێ

هیچ دارستانێک

کوڕنۆشی بۆ نابا

با با-ش بێ

کە ئاو هەژار بێ

هیچ گوڵەگەنمێک

چاوەڕێی ناکا

با ئاویش بێ

کە رۆژ لاواز بێ

هیچ گوڵە بەڕۆژەیەک

سەری بۆ هەڵنابڕێ

با رۆژیش بێ

گاشەبەردیش

سوک سوک سوک ئەبێت

با گاشەبەردیش بێت

و دەرئەنجام...

- کەمتیارێکی کڕاوات لە مل بە گەرمی وڵامی

سڵاوی هیوای دایەوە، هیوا وتی بۆ؟
-توانا و هەبوون و کەسایەتی ئەو شتەیە کە دەخرێتە گیرفان.
ئەمەی وتوهیوای بە جێهێشت. -

سەیرە چۆن دەمامک
لە رووی ئەستێرە ئەدرێ
هەروەها
گوڵ و
بۆن و
مەمکیش؟
کە درۆیەکی پیر
بین بە بینتەوە ئەنێ

چاویلکەی "رەنگە ئەمجارە راست بێ "

ئەکەیتەوە چاو و

دیسان

ئێستا

مرۆڤ

...

– دیسان تەریدە با بە کاکۆڵی ریبوار بزە و هەر بەو شیوە بە شانەی ئاو تەنیا و هەرمان کە بانگ ئەکات و تۆ وڵامی بێدەنگ ئەبی و سێبەرێکی لیخن لە هاوژین بوون لەگەڵ کێ گرینگ ئەمەیە کە بوون و نەبوون هەر لەسەرەتاوە نەبوون و ئەگەر "بوون" منداڵی "هیچ"ە کەواتە لە بوون و وەها بوون هیچێکی چکۆلە و پەست دێتەدەر... پێموابێ و رەنگە ئەمە

شێوازێکی نوێی دەربڕین بێت بۆ دەرنەبڕاوەکانی
خواوەندە پەستەکانی سەر و بن عەرز. لە
ڕێبواری مەگرن کە ڕێگا زاڵمە... –

پێنجەم:

–کە سەرەی وشە واڵاکان تێک ئەچێ، تازە
دەزانی ئەم وشانە قەت واڵا نەبوون. رەنگە
ئەگەر رۆژێک شتێکی دیکەش لە ڕێکی دەرچێت
دیسانەوە تازە بزانین کە دیسانەوە و بۆ هەمیشە
واڵایی چەمکێکی خاترجەم نیە، وەک چۆن مرۆڤ
–

راوەستە!

هەڵوەشانەوەی بیرەوەریە خواکان

حەژمەتی

حەجمینە

خەرەفاوەکان

و

تاسە بێ ئاسەوارەکان

ناچنەوە ماڵێ

سەر هەڵگرتن...

ڕێگاکان

نا...

ناچنەوە ماڵێ

...

به هزرێكی كه خۆر ئاوا دەبوو

لەم لا

و هەڵدەهات لەو لا

سەره تێكچوو و

واڵایی

نەهاتە دی

ئەی ئارەزووی مەحاڵ

ئەی خەونی خوالێخۆشبوو

كەی تەمەنی مێلاقه

گەزیزه له پشكوتن

رزگار ئەكا!؟

كوا چیا خاوەنداری گاشەبەرد ئەكا

به پوازێک له دڵدا

بێ پوازێک له دڵدا؟

–هیوا له بن دار بەڕوویەکی روتاودا دانیشت و پاڵی پێوەدا، "گرنگ ئەوەیە هێشتا ئەتوانم دانیشم."

دار بەڕوو پێکەنی و گریاش. گریا و پێشکەنی ئەوجا گریانی لە ئامێزی پێکەنین گرت و پاشان باوێشکێکی دا و دیسان چاوی بڕییەوە ئاسۆ.

بای دەهات با...

هەموو شتێک لە بەستێنی پرسیارێکدا دێتە بوون، پرسیارەکان ئەوەندەی کە بوون دەسەلمێنن، رەتی ناکەنەوە. ئەوە چیە؟ بیر لە دنیایەکی بێ پرسیار بکەوە... بیر لەو هیچە کەڵەکە کراوە

بکەوە کە تەنیا پرسیارێکی پێویستە بۆ دەرچوون
لە سەرە. بۆ واڵا بوون. –

گرنگ ئەوەیە

گرنگایەتی گرێ نەخاتە گەردنی بەڕەزاوە

گرنگ ئەوەیە

هیچ گرنگ نیە

جگە لە

هەموو شت

جگە لە هیچ...

کە دڵنیام ئەویش لەم قوڵکەدا

زۆر گرینگ نیە

شەشەم:

–هەمیشە پێویست ناکات ئاگات لەوە بێت کە پێشتر چیت وتووە، جاری واشە هەر لە بیرت نەمابێ باشترە. رابردوو مرۆڤ دەبەستێتەوە، نەک بە خۆیەوە، بە ... منەوە –

هیوا بەرەو چیا زریکاندی ئەبێ برۆم... زایەڵەی دەنگ بوو بە پیرەپیاوێکی تووڕە و:

– راوەستە گەنجۆ

ماسییەک دەیەویست دەرباز بیت

لە کەنداوێک

کە بڕیار بوو ببێ بە گڕ

باش لە بیرمە

بوو بە نەوت

منیش کە دەمویست

نیشتمانێک رزگار کەم

یەکەم هەنگاو

براکەم ... براکەم

کە شیرینترین تۆڵە بوو

لە بێکەسیدا

بێکەسکوژ کرد

تۆش

کە ئەتهەوێ برۆی...

هیوا بەرەزای وەبیر هاتەوە

- دیسان هەست بە کارەسات ، هاوکات لەگەڵ
کارەسات . دەست تێکەڵ کردنی بیر لەگەڵ
بیرەوەری.
بریا دەکرا لەگەڵ کارەسات دانیشی و
جگەرەیەکی بۆ داگیرسێنی و مەستانە فەلسەفەی
بۆ هەڵڕێژی و ئەویش لە روی هەڵنەیەت و هەر
بەڵێت بۆ بکا -

- ئەگەر شەوێکم مابێت
هیچ ناکەم
جگە لە ژیان
ئەگەر رۆژێکت مابێ
هیچ ناکەی

جگە لە رۆیشتن

-زایەڵەی پیر پێکەنینی سپاردە دەست با و خزایەوە نیو چیا. ئەوانەی شەوێک لە بنەبەردێکی داوێنی چیا خەوتبیتن ئەزانن ، لەوێ هەر شتێک بۆی هەیە رووبدات-

هیچ دوور نییە
سێبەرێک ماچت کاتەوە
یان سمۆرەیەک عاشقت کات
یان سپیاییەک
بتمرێنێ

چیا

ژیانیشەو و مەرگیشە

بۆیە پێدەشتەکانیان

چۆڵ کرد

زایەڵەکان...

هەناسەیەک مەحکوم

چاوێک مەحکوم

مێشکێک مەحکوم و

دڵێکی تاوانبار...

پێلە هەزار بە هەزار

بە رۆیشتن...

بەڵام مەگەر نابێ زەوی خڕ بێ؟

-زەوی خڕیش بێت "با" بۆی نییە راوەستێ، ئاو بۆی نییە هەدا بدا و سێو...

ئاخ ...

قەتم پێ تاوان نەبوو!

دەنگ دێ...

-هیوا کەسی نەدەدی... دەنگ دەهات... هیوا نەیوێرا. بۆڵە دەهات... هیوا نەوەستا. بالۆرەیەکی بێوەژن باسی دەریای دەکرد... دەمەو ئێوارە بوو.

ئەستێرەیەکی بێ تاقەت بە تاقی ئاسمانەوە نووسا... باوێشکیکیدا و هیوا کەوتە گێژەنی راکشانەوە...-

–ماندوو نیم

بۆ ئاسمان ناڕوانم، تەنیا

هێندەک لە تابووت، یان کفن

یان ئەو بەرگەی

کە بڕیارە لەودا بمرم

دوور کەوتوومەتەوە...

خەو

خەو

حەوتەم:

-خێرایی دوژمنی قەستەسەری بیرەوەری و بیر کردنەوە و بیر هاتنەوەیە. تەنیا خەو ئەگەر دەرفەت بدا... ئەگەر. بۆیە بێخەوی کارەساتە و کاتی خولقانی کارەسات تەنیا وەهمێک هەیە لە هیچ. نە تەنانەت لە پێش کارەساتیش. هیوا ١٢ رۆژ بوو نەخەوتبوو... تەنیا خەونیچکەیەکی بچووک نەبێ لەسەر ڕانی دایکە زەوی لە رۆژی حەوتەما...-

حەوتەمێکیتر

-تیرێژی خۆر وەک دەستێکی خەواڵوو پێش تەواو هەستان شل شل خۆی بە بەرد و خاک و

گیا دا ئەدا. بەرەبەیان چاوەڕێی هیچ هیوایەک ناکات. بەیان وەک دەریایەک وایە کە ناخوای هیچ پاپۆڕێک رچاو ناکا. وەک خوایەک کە مرۆڤ... ئەگەر ئافرێنەر بێ... ئەگەر ئافرێنراو بێ... –

زەوی

سەردێڕی کاکەشانیش بێت

تاوانە

گەر دەخیل بە سێبەرییەوە ببەستی

زەمان

گەر بالوکەی باوک مردنیشی بڕیبێ

تاوانە

لەسەر دەستی تۆبە کەی

مرۆڤ

گەر زەمان و زەویش

بەندی کردبێ

تاوانە

والآیی خەونی لێبستێنی

-ئاە ئەی شەقاوەکانم

چەن پەرتەوازەن و رێگاکان

چەن کورتێکی تەمەن درێژن

ئەوان بە ئەستەم گەورە نەبوون

پێش ئەوەی بچنە ژێر پێستم

هەزاران ساڵ

بەسەریان دا

هەڵکوڕماوم

ڕێگاکان ئا...

با تەواو بن

لەکەلەسەری مندا...

ڕێگا

بۆ ژیان

نەک بۆجەدەل

سەفەر

بۆ مرۆڤ

نەک بۆ سەفەر

خەو

بۆ تۆ و

هیوا...

هەر بۆ هیوا

**گەڕان**

.

.

لە چاوەڕوانی خۆمدا

یان

بە دووی خۆمدا

یان

خۆمێکیتر لە خۆمە ون بووەکان

کە پێش دوایین سەفەری

ئەبێ بنوسرێتەوە

**ئاوات**

.

.

من دەسەڵاتی ئەم گوڵ نەتەوەم ببوایەت

هەرگیز نەمدەهێشت

سەرهەڵدانی سووری مێلاقە

لە مینی ژووپی پێشکەشکارێک دا رەنگ بداتەوە

و

ئازادی

وەک ئاڵاکەمان – بە قوربانی بم–

بە دارەوە

هەر خەریکی شەکانەوە بێت

**شارەزا**

.

.

لە بادرزی نیوان کات و شوێن

لە رۆچنێک کە هەر نیە

من دیتم سێو چۆن پێگەیی و

نەهاتنت...

چ تاوانێکی خستە ئەستۆی شار

هێمایەکی دی ببینەوە

حەواکەی من

ئەی شارەزا

ئێره قاقرستانی وەنەوزە و

شا

شاگەشکەیە

بە ئوڵتیماتۆمی دوا چیرۆکت

**بێدەنگی**

.

.

ناسیاوی بادام

(کە من حەز ئەکەم بێژم"بام")

بووی و

من

لە دەست ئاوەڵایی سێودا

گومانم نەبوو

نەتوت

کە ئەبێ بوترێ

کێڵگەکان بۆ کێ ئەبن؟

ئەو کاتەی

بە یەک مانا

باخ

هاواری

سۆزانیی

سێبەرە

**شلەژان**

.

.

شادی... شاد... شا...د

بەڵێ من شاد ئەژیم

ئەم وینستۆنەش ئەگەر نەمردبا

سەرەتان کیلۆی بە چەن؟

کە من ئیتر خەمی شاتڵیش ناخۆم

ئەویش خەریکە تەواو ئەبێ

سیگار

شەو - قەڵەمیش - و

ئەم وشانە کە لەتر ئەدەن

خۆ ناكرێ

تۆ درۆت كردبێ و من

ئاوارەی كۆڵانە نامۆكانی

ناسیاوترین شارەكانی رۆژهەڵات

لە درێژەی شۆڕشێكی بۆش

لە كۆتایی ئەو شتە دا

كە پی ئەڵێن سەرەتا - پێی ئەڵێم —

-ئەم چیرۆكە گوڵم... گەر چیرۆكی شای پەریانیش بێت، مەرگی فەرهادیشی تیا نەبێت، چیرۆكی مەرگی بەڕەزایە لەباوەشی ژاكاوی زەمان دا -

لە كوێی كیژێ؟

ئەم پەرەستگە

گەرتۆ لەسەر شانمی دانەگری

پیری مەودا نادا...

کات خۆ هەدا نادا

"مەیانژمێرە هەنگاوەکانت"⁕

بەلەز

وەرە...

خۆ ناکرێ درۆت کردبێ

---

⁕لە شێعرێکی "سامالّ"

**وەرین**

.

.

پاییز کە دێت...

تۆ هەر دەڕۆی

پاییز کە دێت

تۆ دەبی بە با

پاییز کە دێت...

گەڵا بە سەما

من بە ڕێبواری

هەڵدەوەرینە سەر شوستە

پاییز کە دێت...

*بۆ ...  بیرەوەرییەکی حەسرەتاوی، تەنیا بۆ ئەوەی کە لە بیرم نەچێ*

**نەخشە**

.

.

نەخشەیەک لە مردن

بە نەخشی سەرهەڵدان

نیگاکانتان...

کە دەیشارنەوە و

کەمینەی کەوناری شێت

کە پێمنالێ

تاتە شۆرەکەی من لە کامە مزگەوتە

کە خنکان

میوانی ئەو بەژنەی کردم

ماڵاوا

ئەی خەفەتە رازاوەکان مااڵ...

ئاوا دەرۆم

مەبەست لە خنکان

تەنیا راموسان و

دانوسان و

ئەوەی دیکە

کە شایانی شەهید بوونە!

رەنگە تەنیا ئافرەت...

- ئەگەر پێتان خۆشە با ژن بێت -

که جوانی هەموو دونیای

- یان بەشێکی دونیا با درۆ نەکەم -

ئەگەرچی " لە باشترینیەتی درۆترینی*"

لە چاو و لوت و دەمێکدا حەشار داوە

سۆزانیەک کە هەوەسی دونیا

(یان بەشێک لە دونیا با درۆ کەم)

-ئەم درۆیە نەکەم کەس ئیمان بە ریساڵەتی

شۆڕەسواری باوەش ناهێنێ-

لە قەوسی هەیاسەی دا خوڕەی دێ...

. . .

شێ...

تین...

توانای من و

تەمی هەرێمی ئەو جەستە و

خنکااان...

-بڵێی بمرم جوانێ؟

جەنگ تەنیا چیرۆکێکی گەورەیە...

جەنگم لەگەڵ کە شیرین

شێدارم خانم...

-خۆت لادە خاڵۆ-

بڵێ نازانم ئەڵێی چی

بەڵام (هەرگیز) مەڵێ:

نازانی ئەڵێی چی

...

درۆم کرد

وتم خۆ

زۆر شتم دەوێ...

پێم بڵێ شەیتان و رەجمم کە

چاوێک بۆ دڵنیایی

با هیچیش بێت

هیچێکی گەورە

هیچێکی هەرە گەورەی سەرەو نخوون...

با سەرەو نخون

...

یەکەم چاو:

تۆ چاوت دەگێڕاو

من

چاوم لە لەتری هەمیشەیی خۆیدا

لە سەر بەژنت هەڵخلیسکا و...(گرم)

لە کاتژمێری مەستی

دو سێ چرکە بۆکوێری...

پێش کوێر بوونم دیتم کەنی

(پێموا ئەبێ پێکەنم، ئاخر مرۆڤ جار جار پێشئەکەنێ. ئەمەیە جیاوازی نێوان...)

ئەگەرچی کەس نەیدی... قاقا

لە پەراوێز گەڕێین

ئەرێ تۆ پاڵەوانی خەونەکانت کوا؟

ئەبێ نەت بێ؟...(تو خوا !!)

دووەم: سەرەڕۆیی

یان دووەم سەرەڕۆیی:

با وابێ...

خۆت لەم نیگا ژیرانە بشارەوە

کچێ ! شێتی(دروودی خوای لەسەر بێ)

خۆ کوشتمی

تۆ تەنیا

دەرفەتێکی دیکە

بۆ شێت بوونی دووپاتە نیت

(با بش بی)

بۆ خۆتی

تۆ مەستیەکی روخسارە هێوری

ئاوێنەیەکم* بەرانبەر دەرونت راوەستاوە

-ئەمەم زۆر ژیرانە وت... ببورە ئەی شێعر-

سێهەم پەیک لە شێتی(د.خ):

تەنیا خولەکێک کاتم دەویٚ

ئەی ئەخلاقی دوو پیٚ

ئەی دژبەری ئەوین

لە خوێن خەملاٚو

(خوێنی دە هەزار تۆبە لە گەردنمانە*)

هەناوی تۆ و چێرنۆبیلی ئەوین لە

-پێموابێ-

مندا

قەوسی مانی بەزێن و چاوم

کە هەتیوو کەوتووە

لە یەک کاتژمێری داهاتوودا

ئەگەر ...

خۆزگا قەت لە بیرم نەچێ

ئەو چاڵوو قەوسە بێ هاوتایە

(بە خەونیش رازیم)

ئاخر تاتەشۆرەکەم لە کام مزگەوتە...؟؟

...

بەڵام چارەگێکم زەمەن دەنێ...

چوارەم: دڵتۆقین

...

..

.

پێنجەم: خەون وەکوو تەنیا چارە

نامۆیە ...

نامۆ و خۆشەویست

یەک لەو نامۆیانە

کە هەرچی گورگ و گورگ وگورگتر

ترس؟؟ نا، نا

خەو- م دێت... خەو

- سەر کە سەرینم رەگی حەیاتم

خەونەکانم

خەو نە کا نم

داوای لێبوردنێک بە تۆش قەرزدارم...

ئەی خەون

بەڵام

کۆرپەیی لە من دێ...

ببە بە لانک بۆم

ئەویندارى لە من دێ...

ببە بە ئامێز بۆم

سوارچاکی لە خۆم دێت ببە بە...

رق ئەستورم کە بە نازێک و

بمشڵەژێنە بە لەنجەیەک

که لەنجەت لە نیشانەکانی قیامەتە

تێکم بدە

که دەمهەوێ سەر لە نوێ ساز ببمەوە

(بە هەر مانا)

شەشەم: تیرۆری کاتی شێعر

قەت ناکرێ وەک خۆت بتنوسم

(ئەم قەوسە بە دەستی موتەنەفیس نەکشاوە)

کارەسات ئەوەیە

لە دەسپێک تا کۆتایی

مەستی لە سەرشاعیر ئەپەرێ

چ گرنگە ئیدی؟

چ گرنگە رامانێک لە کات و هاوکات لە گەڵ کارەسات

بێت یان نەبێت و نوسینی و نەنوسینی؟

من کە ئەڵێم :

-بەڵام تۆ بڕوا مەکە-

هۆنینەوەی بسکی رستەکان و ئەفیونی جگەرە وئەلکول دەگەڵ پەنجە ئاڵان لە پرچی تۆ و لەرزی ماچ و مژینی مەمک ، جیاوازی نێوان خودایە و ئەڵڵا... تەنیا یەک «ناکۆکی ترێییە*»

-هەمیشە داوای لێبوردنێک بە تۆ قەرزدارم ئەی شێعر-

حەوتەم : ئەو کۆتاییەی کە قەت پی شاد نەبووم

تەنیا "خەفەتە خاڵۆ" و

یەک دوو دێڕی دیکەم پێیە

-خەفەتە خاڵۆ یەک دونیا ڕەستەو دێڕوو وشەیە کە درکانی بۆ نیە.گڕکانێکە نە دڵ ڕایدەگرێ نە گوێ بۆی ڕادەگیردرێ. دڵتەنگییەکە لە چەشنی شادی.دلتەنگی لە مەراقەکان و شادی بۆ هیوای بیانووی شێعرێکی دی یان پیاسەیەکی بێ ئامانج لە سەر بسکی شەو بە هیوای دیتنی نازانم چی ...-

دەمامک لە تەمەنی ئەم شێتیە نادرێ

وەک چۆن پەیکی تۆ لە پەیکی من

بروسکە ناگاتە جێ و

بێزارت ناکەم

من ئەمێنم و ئەم وشە سەرگەردانانە

با قەت نەگەینە کۆتا...

من و مەستی

لە مێژە

گەیشتووینەتە کۆتا

سەروبەندی رۆیشتنە خانم

دەم باش کۆتایی و بۆ کۆتا

ئەمەش داستانێکی کۆن:

سێو دەڵێ بە نیۆتۆن

رۆیشتن زمانی جەبرە نەک رەنج

رۆیشتنی تۆ بەڵام غەدرە نەک ...

- من بە تۆ ئێژم-

چی سەبوریم با ؟

ئێمە سەبوریمان

لە سەمای بەرانبەر "خەفەتە خالۆ "ی چاو بەزاند

ئێمە سەبوریمان

دایە دەست چارە نوسێک

کە خاشەیمان کێشابوو

من سەبوریم لە چاوە بە فرمێسکەکانی دایکم دا

دی و رقم لێی هەڵگرت

سەردەمی گریانە برسیەکان

سەبوری... سەبوری

بۆ؟؟

بۆ کامە هیچی سەرەو نخون؟

...

رۆشتن

رۆشتن

نەفەوتانی سەفەرە

لە سەر لێوی پەپولە پاییزە

تەکاندنی

توزی قەتیس ماوی

سەر پێڵوی

رێگایە

ڕۆشتن

دەستکردنەوەی بیرەوەریە

له وەتەن

- وڵاتی من سەفەرەکانی من هەڵیدەبژێرن. لە هەر شوێنێک هەنگاوێکم هەڵهێنابێ یان چاوێکم گێڕابێ یان دەنگێکم بیستبێ ئەوە ولاتی منە. بیرەوەری هەرکوێ زۆرتر ڕاکێشم کات ئەوە پێتەختی منە -

بە ساز کردنی تابوتێکەوەم لە ژیان...

دەمهەوی تا بژیت بژیم

بەڵام تۆ نازانی

ئێشی گەورە

ئەو کاتەیە

کە تەنانەت ئێشیش

واتای خۆی دەدۆڕێنێ

شادی

ئەو دەمەی

کە تێکەڵی خەفەت دەبێت

ئەوین

کە ئێشترین ئێشەو

شادترین شادی

تۆ کە جوانترین و من کە

بە دوی ناونیشانی تاتەشۆرەکەم

لە کۆلانەکانی

ئێستا و

دوێنێ و

هەمیشە دا...

ون

————————————————————————————

*❊ عەتاری نەیشابوری لە وەسفی شێعر دا دەڵێ:از احسن اوست اکذب او، واتە لە باشترینی شێعر درۆترینیەتی.بە قەستی وەرگێڕانی وشە بە وشەم کردوە.*

❊هەژار

❊ نالی

❊ ئاماژەیە بە چیرۆکی ناکۆکی ترێیی(اختلاف انگوری) مولانا محەمەدی بەلخی ناسراو بە مەولەوی...لەو چیرۆکەدا *سێ کەس کە سێ زمانی جیاوازیان هەیە هەموو دەیانەوێ یەک شت بخۆن(ترێ) بەڵام لەبەر ئەوەی زمانەکەیان جیاوازە لەیەک تێناگەن...*

## تەنیایی

.

.

ئەو

عاشقی شۆڕەکچێکی تەمەن گەزیزە

سێو لە حەجمین دەڕنێ و

تەمەنی من

ناگاتە سقووتی گەڵا

ناگاتە عروجی پەپولە

بێ ماندوو بوون

قەمچی نیگا و مەودا دەبڕێ و

من دەزانم

تەنیایی

مەودای نێوان گەڵا و زەویە

تەنیایی

بە نیو چرکە پێش سوتان ئێژن...

ئەو نازانێ

**شانۆ**

.

.

دڵۆپەکانی باران

لەسەر سێن دابەزین

ئاسمانێک کە جێت دێڵم

ڕەنگە زایەڵەی شەقاوم

بە گوێی بەیان نامۆ... بێ

دەست

وێڵی خولیا حەوت ڕەنگەکانی سەفەر

شەقام و

شریتی ئارەزوەکان کە هەردەڕواو

دەستی پێوە ناگیردرێ

"با" و

پاییزەساتی  بیرەوەری لە بەر قەمچی

ئەمجارەیان  تەنیا دەڕۆم

شانۆ

تەواو بوو گوڵم

**شیان**

.

.

له قاقرستانی

جەمسەرێکی کەو و کۆتر

شێلگیرانه رێبوار

شەڕ پێم ئەشێ

خەفەتی ئاسکێکی سەر سنور

پێم ئەشێ

نەک تەنیا تۆی ئامین یارەبەڵعالەمین

منی نەعوزوبیلا و

شێعری لاشەریکیش ...خەفەت

هەستانەوە هەستم پێدەکات و

بیرم نایەت کەوتبێتم

هەر شێلگیرانە ڕێبوار و

بزوتنەوەی هیچ

لە مندا و

وەرینی ئەز کوردستانم

لە شەرمەز کەتنی کەنیشکانەی

وشەیەکی سواو

کە هیچ شاعیرێک

لەم ساتەوەختەدا

نایوێرێت

تا سێو پێدەگات

ليمۆ هەی ليمۆ

تا پيرۆزترين سرتە

سڵاوات لە سەرچاوە

تا ناشتنی شارستانيەت

بزر

من تەنيا تۆم پێناشێ

تەنيا تۆشم هەيە

ئەی نزيكترين دور

ئەی مومكينترين

**پەپولەکان دوائەکەون**

.

.

بە تاقەتێک کە حەجمین لە خۆر ئەڕنێ

بە ساقەی من مەبە کەنی

من و تۆ

ئاوێتەی گومان لە شاخ

من و تۆ

هەڵگری تۆمەتی خەیانەت

بە خەباتی پەپوولە یاخییەکان

ئێمە

ئارەزووی پێنج ساڵ زووتر لە چاو

ئێمەی راستی ئێستا

رەنگە

پێنج ساڵیتر

گوڵێک لە جانتامدا بخنکێ

رەنگە

پێنج ساڵیتر

شێعرێک لە گیرفانتا بخەرەفێ

رەنگە ...

رەنگە

سەدەی داهاتوش هی ئێمە بێ

بۆ خۆمێک کە بوو بە ژێر هەرەسەوە

**سپیایی**

.

.

هاوکات لەگەڵ کارەسات

دووپاتبوونەوەی کارەسات

هەرەسهێنانی سات

دەم باش کۆتایی

ڕۆژ باش تا کۆتا هەر سپیایی

ئەی پڕترین بۆش...

ئەی ئامانجی گشتگیری

نەوتراو

بۆ شەهیدێک کە نەبووم

## خەیاڵ

.

.

ئەوە ئاسمانە ئا...

ئەو باڵندانەی کە ئەفڕن و

سەفەرێک

لە منەوە تا سەلماندن

تا شپرزەیی سنور و

هزری دور

ئاخ...

کە ئەم تەرزە فڕینەم بە دڵ نیە

**دڵخۆشی**

.

.

تێخزن

تێخزاوەکان

تێر تەماشای کەن

کەن

ئەمەش فیلمێکی نوێ

کەسێک دێت

پلوسکی قەد دیوارەکە

دڵنیایە کەسێک دێت

نیگەرانی

.

.

ماچێک سەفەر دەکا

- کە ماچ سەفەر ئەکا بە پێی ئەوەی کە شاعیر

لە کوێی ئەم سەفەرەدا بێت وەزع جیاوازە-

زریکەی رێگا و دەمدەمانی تەنیایی

ئەبێ وشکە پەیامێک بنێرم بۆ با

نەوا گەرد

نەوا تۆز

**تەما**

.

.

خۆمێک

تەریدەی تەنیایی

هاومەرگی چیا

بەدەم رێوە جەدەل ئەکا؛

سڵاو پۆلە ریشۆڵییەکەی سەربانی ئێوارە

من ئارەزووی رۆژم بڕیووە و

یەک باوەش سپیم پێیە

هەنگەژاڵەکان تێراو دەکەن؟

ئەوان پڕ بە خاکەنازێک دیازپۆڕان و

یەک پاییز زریکەی زەرد

ئەزانم

ئەزانم بەڵام

من چ بکەم

کە شیعر دنیا ناگۆڕێ

من چ بکەم

کەپرێک نیە سەر خەمە سەر ڕانی

ئێستاش

مردنێک بە گوێزە گەورەکە قەرزدارم دەنا

خەو کە هەمیشە دەمباتەوە

ئەی خەیاڵی سەرەونخونی تەنیایی

من بە تەمام

تێر لە ڕۆشتن بخۆم

تا مانەوەم بئاخنم

لە کۆترە باریکە و پەپولە پاییزە و

گەزیزە و گوڵە هێرۆ

بە تەمای هیچێکی زۆرم

بەرئاوەژوو بەوە

تا دەم لەسەر مەمکی شەو هەلدەگرم

تا دوایین مچوڕکم

دەکەمە نێو دەمی هەرمانەوە

بەرئاوەژوو بەوە

بۆ رۆزای ئەوین

**حەز**

.

.

من حەز ئەکەم...

خەونی پرچت لە بەستەڵەکی بیرەوەرییەکاندا

هەمووشەوێک سۆراغم بگرێت و

هاورێشمینترین وشەکانت بۆ من بێت

من حەز دەکەم...

تۆ هەمیشە سۆراغی ئەو پەپولە پاییزە بزانیت

کە نوشتە شێعرێکم دابوو لە شانی

هەتا تێپەڕێ بە نێو ئاو و ئاگردا و

بگاتە لات

من حەز ئەکەم

هەر ئێستاکە پرسیار بکەی

"ئەوینی بێ کۆتا لە قافی کام سڵاو دایە؟"

منیش بڵێم:

کیژێ...

پرچت ئایەتی نەبڕانەوەی ویستی منە

حەز دەکەم

هەر ئێستا کە بڵێم وەرە

تۆش بڵێی

" ئەوە ئەمن بەرێگەوەم"

من حەز ئەکەم

تۆش حەز بکەی

سێوێک بە یەکەوە بخۆین

نیگایەکم میوان بکەیت و پێم بڵێی:

"باشە باوان"

**فەرامۆشی**

.

.

شێعرێک بوو...

لە تەنیا پیاسەیەک کە ئەم دەمانە دەیکەم

یەک وشە بوو

کە لە بن زاری پەپولەیەک هەڵخلیسکا و

من وڵامم دایەوە

هەر ئێستاکە لە بیرم بوو

هین...

وانێک...

شت...

**راسپاردە**

.

.

وتبووت:

دەریا پشت ئەستوری مەند بونیەتی

شێعرێکی قووڵم دایە دەست دەنکە بارانێک و...

ونبوون لە گیانمدا گینگڵیدا

ئەتوت:

چاوم دەفڕێ

بیرم نەدەکردەوە

لە ڕۆژی بۆردمانی

هەرێمە بێ پەرێزەکانی رۆح

وتت:

تەنیایی بەربینگی پێغەمبەرانی نەگرتبا

قەت ریسالەتی شێتیان هێندە نزم نەدەکردەوە

دەمی عەقلی پێ بگا...

تەنیاییم لە پەیکێک دا هەڵدا

قوراچکەی ئێوارەیەکم گوشی

پاییزێکم پیاسە کرد و

و- ڵا- تێ - کم

بەجێهێشت

تۆ

بووی بە پەپولە پاییزە و

من

نوشتە شێعرێکم لە شانت دا

نەیکەیتەوە ئامان

تەنیایی بەربینگت نەگرێ

نەیکەیتەوە ئەی ئەزمونی ژیر

رێی عەقڵی تێناچێ...

نەیــکــەیتـــــەوە بـــــاوان

**خۆم**

.

.

گەڵا

بە دەم باوە

ئەیگڤاند

کە با

بێ دەنگ نەبێ...

چاوەڕێی دوایین غەزەڵم

چۆن دەملێتەوە

**بێگانە**

.

.

بە بیرەوە

تەنیا بیر

لە بیرهەڵکەنەکەی

ماڵی باوەگەورە ئەکەمەوە

تاهیر تەوفیێقی بە دەنگی نالیەوە دەخوێند

کێ دەنگی نالی بیستووە توە توە..ەەە

مەی چۆن نەڕژێ

بە "ئیقامەی ئەجانبەوە"... جانبەوە ..بەوە...ەەە

**پاساو**

.

.

سەرگەردانی

ئەگەر تراویلکەی بوختانێک لە ژیان...

کەی سەفەر دەستی دەدا و دەوار با دەیبرد؟

هەروا سەفەر تەمایەرە

و نێوچاوانی پەپولەپاییزە

چرژاو...

**قاقڕسان**

.

.

ماندوو بوین و بە دەم ئەو بوونەوە نەچووین

کە دەبوو

بەر ببێتە قاسپە قاسپی خۆبەزێن

ئەم دەشتە بە تین ئاژین کراوە دێما

واز بێنە لە خاک

کە هەڵکوڕماوە بەسەر رەشدا

کە شەوانە

لەسەر شەقام نەبێ لە بنی ئەخەوێ

کە دەمارەکانی ئیدی نەوت ناکێشن

کە بەمزوانە...

واز بێنە و گوێ بگرە

ئەمەیە چیرۆکی هەزاران ئەوینداری بزر

کە بۆتی ئەگێڕمەوە:

کەس نازانێ

هەڵپەهەڵپی خۆر بوو یان کەم زەینی شەو

کە با لە ئامێزی چنارا گیرا

کەس نازانێ

**سەگمەرگی**

.

.

لاموایە ئەم شەقامە

قەت حیلەی سەگی تیا نەبیسرا

تەنیا وەڕەی مانگ نەبێ

کە فێنک فێنک

لە چاوتەوە هەڵئەوەرین

...

..

.

ئەم وێنەیە سەگێکی تیایە کە سەرمایەتی

**وەرگێڕان**

.

.

بریا ئەکرا

وەرگێڕانێکمان هەبا

لە جۆری هاوزمانی

بریا ناچار نەدەبووم

ئەم هۆنراوانە سەر لە نوێ

سەرلەبەر

لەبەر

لە بەرۆکتی بدەم

بریا لە ئامێز دەگرم

من تاقانەی شەوانی هیچ چنارێک نەبووگم
-دایکم بەڕو بوو-

ئەمەم بۆ مەقامی پێش گۆرانییش ئەگەر دانابێ

تۆ ئەبێ بیخوێنییەوە

کە منیش هاوسۆزی بالۆرەکانت بم

و تو پێبکەنی

بە ئێمە... ببورە من
( پێموانییە بهێڵی بێژم "ئێمە")

من جار جار دەمرم!

نەموتبوو؟؟

باشە، درۆم کرد

راستی ئەکرد: "مردوو خۆ نامرێ"

...

بەڵێ خانم ئەو جوانە

بە پرچی درێژەوە جوانتر

بەڵام بەراورد کردن کێشەیە

هەروا کە لەگەڵ تاران کێشەم هەبوو

هەروا کە ئێستا ئەم عێراقە نەفرەتییە تەڵاقم نادا

هەروا کە "گولەی مێردی" نەیدا

و ئێمە وتمان : "ماڵئاوا" ...

هەمان "بای" ئێوە

...

من...

بیرگەم...

ئەزانی

جاری وایە لە بیرم ئەچێ

چاوێک لەو وێنانە کەم

کە لەگەڵ مایکۆڤسکی گرتوومن

بەڵام لەمە زۆر دڵگران نیم

هەموو دڵەڕاوکێم ئەوەیە

کە نیچە دیسانەوە لەسەر هێڵ نەبێ و من

دیسانەوە بۆ تۆ بنوسم:

"سڵاو... ئێوە باشن؟"

...

باشە...

پێبکەنە

پێکەنینی تۆ خۆشە

کاتێ کە دی...

دڵم نازانم

بەڵام دەستم دەلەرزێ

لەسەر س...س...س

و ئەمە گشت کارەساتەکە نییە

کە هیچ کات تێنەگەیشتم

ناقووسەکان بۆ کێ هاتونەتە دەنگ

ئاخر

مەگەر جگە لەوەیە کە لە مێژە مردووم؟

سەرکەوتن و هەرەسهێنانی بەردەوام

ئەم پلیکانانەش خۆ تەواو نابن

ئەوەندە هاتوچۆم پێیاندا کردووە کە بزانم

ئەمانە نە وەهماوین و نە لە تیرەی هزر

بەڵام باشە

ژانێکی شیرینە

...

پێشتر

من هەمیشە

هەژاریم لە گیرفانەکانمدا ئەشاردەوە

کە "شیرین"

بە خەونیش رەجاڵیم نەناسیێتەوە

-شیرین نییە. نەک نەبێ، هەیە. شیرین ونبووە. شیرین بڵاو بوەتەوە، بە نێو هەموو ئەو نازدار حەیرانانەی کە دیومن. شیرین دڵۆپە ئاوە،

شیرین قژێکی خاوە، شیرین ناوی بڵاوە، شیرین سەربەسە، شیرین قەفەسە، کەسە بێکەسە. جار جار لە ڕێگەی کانی ئەیبینم جاری وایە لەسەر شەقام و ڕێگای خوێندنگا، جار جار لە چیا و زۆزان بە کڵاشنیکۆف و نارنجۆک و کتێبەوە، هاودەمی ئاسک و سمۆرە و گیا و درەخت...
هێندەک جار لە پشت سندوقی جادو بە شێعر و یەک دنیا قسەی نەوتراو، جاری وایە شاعرە جاری واشە هیچ. هیچ ... تەنیا...
تەنانەت لە خەونیشمدا هەموو کەسە و هیچ کەس نییە، نامۆ و ئاشنا... سەیر و تەماوی، بزر و ئاشکرا... –

بەڵێ هەمیشە هەژاریی

نەک دڵم

بەڵام قەت لە سەلماندنی کەسایەتی نافەرمیی دەریا

خۆ ناپارێزم

چاوەکانم...

راستی چاو

چەندە بوونێکی تەماوییە

ئەویش لە پشت ئەم چاویلکانەوە... چاوی لێکە

بێزم دەبێتەوە لە ناچاری

لە بێدەرەتانی ئەترسم و

ترس کە تەمەن درێژت ئەکا و

پیری

که ئەتخەرەفێنیٚ لە داوێنی "جودی"دا

ئەمانە بۆ بە تۆ ئەڵێم

کە پێبکەنی بەم ئێمەیە؟

بریا وەرگێڕانێکمان دەبوو...

پاڵ ئەدەم بە بیرەوەرییەکانمەوە و

بەو دارەوە کە لە هەموو پارکێکدا بوو و

بە دزییەوە شێعرەکانمی ئەخوێندەوە و

هەمیشە خەریک بوو دڵی دەربێت

بۆ ئەوەی

کە کچێنییەکەی بڕوشێنم

...

-هەمیشە شێعرەکانت خراپ تەواو ئەکەی-

من لەگەڵ مەرگ

گەورە بووم  گەورە

هەمو جارێک

"با"م ئەدایە بن باڵم و

غرورم ئەکرد بەشاری -باڵا شاری- و

ئەرۆیشتم کە عاشق بم

ئای عەشق...ئای عەشق

من لەگەڵ مەرگ گەورە بووم گەورە و

لەگەڵ هەڤاڵانم

کە بۆنی خەیانەتیان

لە سەر قاڵییە ئێرانییەکانی ژورەکەمان

ئەخزی و خشەی ئەهات

فەلسەفەمان چنی و شیعرمان کێشا

وایە

سیگاریش شتێکی وەهماوییە

...

تۆ جوانی

بە پرچی هۆنراوەوە پتر و

کاتی بێزاری

لە تە ن یا یی و

ئەو دەمانەی کە من دەتخوێنمەوە

من لەگەڵ مەرگ گەورە بووم

گەورە

لەگەڵ ئەو تەرچکە لێوانەی

که شێعرەکانمیان لەبەر ئەکرد و

لێوەکانمیان تەنیا

بۆخۆیان دەویست و

ئەو لەش و لارانەی

کە دەیانویست

لە ژێر هەرەسی لەشما

پەلەقاژە بکەن و

من

کە شیرینیم لە دڵفراوانی هەموویاندا دیت و

شیرینم نەدۆزییەوە

...

من ئەوان دەزانم

بالەوازە بوون ئەناسم

پتر لە خۆم

هەروەک چۆن ژانی شیرین...

دیسان پاڵ بە بیرەوەرییەکانەوە دەدەم

لەو نێوانەدا

بوون کەسانێک

لە هەڤالان

کە چاوەڕێی هاتن بوون

هاتنی چرکە ساتێکی پیڵوو داخستنم

-زۆر بوو ئەو چرکەساتە ساختانە کە بۆیانم دەرەخساند-

سەرەتا بە شەرمەوە

زەردەیەکیان لە لێو دەنیشت

و پاشان قاقا و

چێژیان دەبرد

لەوەی کە

نازانم و ئەزانن

"هۆشیاری"

بەڵام من

دەسرازەی پێکەنینم

کاتی تەنیایی دەکرایەوە

چێژ... چێژ و

مەگەر ئەمە هەموو شتێک نەبوو؟

من بۆ نابێ

پێکەنین بمباتەوە

لە ساویلکەییەک کە قەت نەمبوو؟

وتم خۆ:

ژانێکی شیرینە

ئەبێ ئاوێتەی دەرونی مەستم بی

من کە هێشتا

دەستم دەلەرزێ

لەسەر س س سڵاو

...

لێیگەڕێ

لێرە کە وەستاوین

لە نێو ئەم دێڕانەدا

ئاشنایی سڕینەوەم ناردووە بۆ هەندەران

کە دیازپۆڕایەکم بۆ ساز بکات

بۆ پشتگیری لە شۆڕشی دوایین شێعرەکان

بەڵام

ئەتۆ

ئەڵێی ئاشناییت لێسڕاوەتەوە

چەندە شێوەی کەسێک ئەدەی

لەسەر زارم بوو...

ش ش شـــــــ

زمانمان کە قەت بە کەڵکی مە نەهات

نا

من ئەبێ دیسان بڕۆا بمرێت

که

خەمی نێو نیگای منداڵێک هەڵناگرێ

که با کۆلارەکەی بردووە

-کۆلارە شتێکی نامۆیە، لە ئەوین ئەچێ، تا کۆتا نازانی تۆ هین ئەوی یان ئەو هی تۆ. کە ونیش ئەبێ بەشێک لە بوونت لەگەڵی ون ئەبێ. بەشێک لە بوونت مەحکومە بە ونبوون وەک چۆن کۆلارە. هەموومان کۆلارەیەکمان تێدایە کە رۆژێک با ئەیبا یان لە شوێنێک لە بیری ئەکەین و قەت توشی ناینەوە. مەگەر لەو خەونانەدا کە بەیانی هەرچی بیری لێئەکەینەوە نایەتەوە بیرمان-

ئەمانە

ئەگەر خەونیش بن

یان ئاشەوپاشەی پاش یاوی فەرهاد

بە سەربانی بیرەوەرییەکانەوە

ناپتروکێن

کە تۆ دەیانخوێنیتەوە

ئەی فەرامۆشترین بیرەوەری

ئەی دوور

کە ئەبێ وەکوو هەموو شێ شێ شێ... یەکان

شێدارت کەم و رۆژێک بڵێم

ماڵئاوا

ئەی کە پرچت بە کراوەییش

به قەد پەلکەکراوەکەی جوانە

ماڵئاوا

ئەترسم رۆژێک بێت و ئەیتر

دەستم نەلەرزێ لەسەر س س سڵاو

ماڵئاوا ئەی خەفەتی رازاوە

**باوک**

.

.

نێوان من و تۆ
باوکە گیانێکی پەمەیی و
ترسێکی سپی بێ کۆتا
نێوان من و تۆ
یەک بیرەوەری ئەرخەوانی و
هەزار ڕەنگ مەودا

**مردنم**

.

.

مردنی من
هەمیشە نهێنییەک دەبێ
لە تەنیاییەکی تۆزاویدا
لەوانە کە لە ڕۆچنەوە تیشک و
زەوییەک
کە زۆری تاقەتی ئاو نییە

**منێک**

.

.

هەمیشە سێدارەیەک لە سەر خاچمە

یان

پێچەوانەی سەفەر دەکاتە چی؟

ناکا مردن؟...

شورەیی نەبوایە

خۆمم لە لای هەموو دەریاکانم

رووت

که ئاسمان زراو چوونە سەراوبن

زەوی ئابڕوو چوونە هەرئاواش

ڕۆیشتنی گەڵا سقوت

جا بە کام تێ... ناگا

نا

– سەفەر سەبارەت بە سەما هیچی بە بای شەماڵ نەوت

گەڵا زەوی لە دوورەوە ...

لە دوورەوە... زەوی –

شەو خەریکی شرۆڤەی خەو بوو

کە خاشەی بکێشێ

منێک لەم کۆڵانە بابردەڵە...
- کۆڵانیش با دەیبا -

بێ سەما، بێ سقوت

بە تێی تاریخ

گەڵا و کۆڵان لە بن پێی ڕێبوار

سەفەر نەمردنی مەرگ نەبێ

سێدارەیەک بە خاچمەوە

تەواو

کێش هەمیشە کێشەسازە، کێشەی شیرین. وەکوو ئەوین.

## وەڕەز

.

.

شەوە و تەریدە مانگ

دلی بە سێبەرێکە ئەرخەیان

کە سێ بە سێ شەمی... بە تون

شەوە و شکستە دەنگی کەون

کە یەک بە یەک دەمی... کە چش

هروژمی خەو خەوی ئەتۆ

له زایەڵەی خەفەت گەرم

گرم بەسەر ترۆپکی ئاوەزی منا

وە دیمەنی چریکی لاوی ئارەزوم ...

که خۆڵەمێش

شەوە و ئەمن

بە بیری

کەوکەوی

له بن کەوانی تۆوە نیم

شەوە و سەرانسەرم لە سەر

سەرێک

که سەنگەری بەزاوی دەستی دوژمنە

شەوە و مناومنم لە من...

منێک

که قەقنەسی سواوی چاخی مردنە

## سووکبوون

.

.

خۆمم لەبەر دەڕوا و

ئەمە سەرەتای پێکانمە

کە تێکەڵی بێ خەبەری شەقام دەبێ

کە شرۆڤەی بێکەسییەکی تەژی لە کەس دەکەم

خۆمە کە لەبەرم دەڕوا

کەسێک لە خەونمدا روودەدات

کەسێک لە خولیاما

کەسێک لە هەزار بە هەزاری ئەم کرێوەدا

کەسێکیتریش

کە هاوەڵی هەموو وەرزەکانە و

تانەی لە شەو نایێشێ

خۆمم لە بەردەڕوا و بارم سوکتر ئەبێ

سوک سوک

سوکتر لە ئاسمان بەسەر عەرزەوە

**پێویستییەک بۆ نوسین**

.

.

ئەبێ دەرد بێت و تا کۆتا هەر دەرد

بۆ گەڕانەوەی وشە ئاوارەکان

من ئەزانم دەرد جاران هەموو شتێک

هەر دەکاتە خۆی

تۆ نەبێ کە مەرگ...

ئەم کاروان کوژەش نەبێ

خەمۆکی ئاسمان بە هەور هەڵناگیرێ

با ئەم تراویلکە بمخنکێنێ

بەڵکوو تینویەتی مانگ بشکێ

با بەس بێ

هەڵکێش و داکێشی مێژینەی دەریا

هاکا تاقەتی ماسییەکان پڕوکا

هاکا کەنار

خۆی لە داری هەمیشە دا

**میوان**

.

.

دێما ئەیوت:

پاییز قەت لە پشت درگا راناوەستێ

لە پەنجەرەوە دێتە ژوورەوە

هەر ئەودەم گوڵەکانی قاڵی

بە دزیەوە بە گوێچکەما

ئەیانچرپاند:

پاییز هەمیشە لە حەوشەیا ئەخەوێ

پاییز قەت نایەتەماڵەوە

**هاتنەوە**

.

.

سەر و بنی قسەی مانگ

زەردەخەنەیەک بوو

لەسەر لێوی دێما

لە جەغزی سوکەڵەی هاتنەوەدا

هاتنەوە

کە باڵۆرەی ماسییە

بۆ روبار

**لێمانگەڕێن**

.

.

لێمان گەڕێن

با یادەکانمان لە کۆڵانەکانی منداڵیدا

وەکوو گۆرانیبێژێکی تەریدە

لە کەمپێکی یۆنان

ئاوارەی بن دیواران بن

لێمان گەڕێن

با عەشقمان

وەکوو خۆی

لەسەربانی دووی نیوەڕۆوە

لە خەرمانی

تەڕی

پرچی

ئەسمەر

بئاڵێ

لە ژوانی حەوشەیەکدا

لێمان گەڕێن

خۆمان بین و

کۆڵانەکانی مردن

خۆمان بین و

تاهەتا پیاسەی تەنیایی

لە بن گوێی ماڵی سەرۆک کۆمار

لێمان گەڕێن

با بچینە چنینەوەی بیرەوەری

لە رابردووی تابلۆیەکدا

با تەنیایی

دەستەخوشکمان بێ

لێمان گەڕێن...

**ماران گەز**

.

.

سەیر کردنی لالەزار بۆ بەیانی

ئەمڕۆ ئەبێ

گومان لە زار بوونی بکەم

جارێکییان

کە خۆر جوانتر بوو

روومەتی رێگام ماچ کردەوە

بە بێ ئەوەی

گومانم هەبێ

له پتروکانی سەفەر

رۆژی دوایی کەپرێک نەبوو

سەر بکەمە سەر رانی

## خەباتی من

.

.

ئێمە

لە دووبارە بوونەوەی ئێوارەدا

لە ئاستانەی پەتیارەی ئاسۆدا

سڵاوی داهاتوومان دەکرد

کە بۆ شەو مژدەیەک نا

غەزەڵێکی لەبەرکراو بین

لەبەر ئەو ئەستێرانەی

کە یەک بە یەک

پاییز دەبوون

ئێمە خەمگین دڵدادەکان بووین

لە کۆڵانەکانی چیرۆکدا

فەرامۆش

**وەهمی پیلان**

.

.

بە هەور بڵێ

با بێت

لێرە مانگ

ناچارە جاشێتی ئاسمان بکا

ئەم خۆرە نەفرەتییەش

ئەگەر زڕباوکی شەو نەبایە

ئەموت گومناوییە

هەروا کە

سێبەرە زێوینەکانی دەم بەیان

هەروا کە تۆ

هەروا کە من

**ئاڵا**

.

.

من پێکەنین دەمباتەوە و تۆ

ئەم شەکانە ساختەیە

ئەی تەفروتونا بوونمان دنیا حەسێن

ئەمجار من بەدەم باوە دەشەکێمەوە و

باڵی شەقار شەقارم

بەسەر وڵاتی سێبەردا دەکێشم

تۆش لەسەر ئەم عەرزە ماندووە

پێبکەنە ...

پێبچەقێنە و بڵێ

سڵاو

ئەی سەفەرترین بزە و

ئەی ساختەترین سێبەر

کەی دیسان چاوی بە شەوارە کەوتووت

بەرەو "عەرزی مەوعود" دەتهێنێتەوە؟

## ژان و بێدەنگی

.

.

ئەی مەستییە روخسارە هێورەکەی جاران

چەن وریا تەریدەی

لە مێژە لە ئاویلکەی تەمەندا

پێکەنین

سەر با دەدا لە سادەیی پەپولە

لەسەر بەرماڵی سوتان

سالانێکە دیداری شەبەق بە قیامەت

ڕۆژانێکە لە کاکۆڵی گوڵێکدا قەتیس

...

من دەمەوێ

ئەگەر شێعرێکم لە شانی پەپولە پاییزەش دابێ

ڕۆژێک بگات

بیکاتەوە

گەر دۆعایەکم بۆ چارەنوسی کاکەشان نوسیبێ

ڕۆژێک بێت

بۆی بنێرمەوە

ئەگەر خەونێکم بە هەنارێکەوە دیبێ

لە یەکەم یەڵدای تەنیایی دا بۆی بگێڕمەوە

با سێو پێوانەی بێکەسی نەبێ

...

من ناتوانم خۆم لە بێهودەیی هەڵاتن گێل کەم

هەڵاتن لە بیر کردنی قەفەسە

ناشتوانم بەردەوام بۆ هەڵاتنێکی خەملّیو نەگەڕێم

هەڵاتن دڵدارە ئاوسەکەتە

...

پەپولە دەزانێ دەمرێ

ئاو بیزانیبا

یەکەم کانی جێنەدەهێشت

با بیزانیبا

له سەر کۆشی یەکەم پاییز هەڵندەستا

هەروەها ئاگر و دار و بەرد و شەو و رۆژیش

دەنا بەیان، بۆ هەمیشە چاوی تەڕە؟

بۆ ئەم شەقامە هەموو ئێوارەیەک تەواو دەبێ؟

لەسەر کۆشی بێ قەرارییەکی ئەرخەوانی

...

ئەی مەستیە روخسارە هێورەکەی جاران

شێرم کە و

دیسان قوراچکەی ئێوارەم پێ بگوشە

من قەرزداری تەمەنی شەقامم

تێکەڵی ژان و بێدەنگی

...

لە ژێر کام شینی بێ کۆتا دەریا هەبێت

پارێزی لێدەکەم

من خنکاوم خنکاو

لە گێڕانەوەی کام سەفەردا

هەدا هەبێت

گومانی لێدەکەم

من ڕێبوارم ڕێبوار

ئەبێ ڕۆژێک هەزار جار سڵاو بکەم

ئەبێ ڕۆژی هەزار جار بە قوربانی با بم

بە قوربانی ئاو

هەروەها ئاگر و

دار و

بەرد و

شەو و

رۆژیش

دەنا ئەم کۆڵە گیانەم پێهەڵناگیرێ

دەنا ئەم هەموو وشەم پێڕاناگیرێ

...

من بەردەوامی کۆترم

بەسەر غەریبیی شاردا

سەخت بومەتەوە و

درێژەی دەنگم

بە نێو ئیزدحامی پەشۆکاوی شەقامدا

ئەزرینگێتەوە

من رەنگدانەوەی سیمانم لەسەر ئوستورە

با وابێ

ئای ئەگەر شەپۆلانی چاوەڕوانی نەبا

لەسەر کۆشی بێ تاقەتی

ئەم هەموو لاوکە نازدارە

تەنگم بە خێڵی خەو هەڵدەچنی

مەخابن کە دەزانم

منيش دەمرم

لەسەر كۆشی بێقەرارییەكی ئەرخەوانی

بە تەوێڵی شەقامەوە

ناچار

هەراسان

**هاتنەوە**

.

.

سەر و بنی قسەی مانگ
زەردەخەنەیەک بوو لەسەر لێوی دێما
لە جەغزی سوکەڵەی هاتنەوەدا
هاتنەوە
کە باڵۆرەی ماسییە بۆ روبار

## بۆ هیراکلیتوسی هاوڕێم

.

.

تەنیایی نەبێ

ئەم پێکەوەبوونە چەن ئاشکرا

چەن هەژارانە

چەن پەست دەدوێ

منداڵەکان نەبن

دەسەڵات چەن بۆشە لە ژیان

سروش ئەگەر نەدەبوو

چی سوکنایی گوێمانی دەدا؟

**پێشنیار**

.

.

سەوزی ئێوارە چۆنە؟

شوێن گرینگ نییە

گرینگ

گوشینی قوڕاچکەی کاتە

لە ئەلف و بێی ڕۆشتنا

گرینگ زاڵبوونی

چرکەساتێکی نیگایە

بەسەر نازی نەوتراوەکاندا

بێ با پیاسە کەین

ئەگەرچی زەوی خڕە

بێ با پیاسە کەین

هۆکار

.

.

تو

هۆی نوسینی ئەم شیٚعرە

ببی و نەبی

هیچ لە زایەڵەی کۆیلەییت

لە کویٚستانی تەگبیر ناگۆڕدریٚ و

ئەو وشانەی کە لەتر ئەدەن

دەربەستی

هیچ کۆڵانێکی ئەم شارە نین

نا

تۆ

هۆکاری نوسینی شێعر نیت

وەک چۆن "سێو"

تەنیا

فشەیەکی رۆژنامەوانی بوو

بۆ

"نیۆتۆن"

**تاران**

.

.

بەمزوانە ئەم پەنجەرە بەجێدێڵم
ئەو پەردەیە
هاشوری ئەو خۆرەتاوە بێدەرەتانە
فڕین
ئەگەر دیسان بە خۆر نەگات
فڕین
ئەگەر دیسان
دانەکەوم...